www.kurdistannet.org
16-10-2006 9:10بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فیدڕالیەت.. یاسای بونیادنانی هەرێمەکان... یاساناس. مەولود باوەمراد... هەولێر"

دەوڵەت وەک گەورەترین ئۆرگانێک کەسەرجەم دام و دەزگەودامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی سیاسی لەخۆدەگرێت لەروی شکلی پەیکەرو پێکهاتەیەوە یان دەوڵەتێکی سادەو یەکپارچەیە، یان دەوڵەتێکی ئاوێتەی فیدراڵە.

ئەم دابەشکردنە دەرهاوێشتەی یاسایی و ئیداری و سیاسی خۆی هەیە، دەوڵەتی فیدراڵ رێکخستنێکی سیاسی دەستوریە کەهەرێمە سەربەخۆکانی ناوخۆی یەک حکومەتی فیدڕالی دەکەوێتە ژێر دەسەلاتیەوە.

لەڕوی تیۆری و بەروانین بۆ فۆرمە باوەکانی فیدڕالیەت فیقهی دەستوری رێگاکانی پێکهاتنی فیدرالیەتی بەدوو شێوە دەربڕیوە

یەکەم: رێگای یەکگرتنەوەی هەرێمە ئازادەکان کەلەبەرژەوەندی پێکەوەیی و زیاتر خۆبەهێزکردن ژمارەیەک هەرێمی ئازاد وولاتێکی فیدراڵ پێکدەهێنن، دیارە هەروا سادەنیە کەئارەزوی بەهێزبوون و سوودوەرگرتن لەخاڵەکانی هێزی یەکگرتنەوە لەچوارچێوەیەکی فیدراڵدا بەس بێت بۆ ئیرادەی یەکگرتنەوەو گەلێک زۆر دەست لەشتی پەیوەست بەسەروەری خۆی لەهەرێمێکی ئازاددا بشوات، بەڵکو زیاتر لەئامانجی بەهێزبوون و سوود وەرگرتن لەتواناکانی فیدراڵ بوون، مێژووی هاوبەش و زمان و کەلتورو ئیرادەی پێکەوە ژیانیش هەیە، کەپاڵنەرە دەرونیەکانی ئەویەکگرتنەوەیە لەنێوان دوو کۆمەڵگەو کیانی سیاسی پێکدەهێنی، بەمانایەکی سادەتر ئەو هەرێمە سەروەری و بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئیرادەی سیاسی لەپاڵ ئەو کیانەدا لەدەست نادات چونکە نەتەوەکان نامۆ دژ بەیەک نین، وەک وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو، سویسراو، کندا... هتد. کەئارەزووی ئینتیمای ئەمەریکایی بوون لای هەرتاکێک بایی ئەوەندە گەورەیە کەبۆشایی مەیلی بۆ گەڕانەوە بۆلای هەرێمێکی سەربەخۆ پڕبکاتەوە.

رێگای دووهەمی بونیادنانی دەوڵەتێکی فیدڕالی بەهەڵوەشاندنەوە یان گۆڕینی دەوڵەتێکی سادەدەبێت بۆ چەند هەرێمێکی سەربەخۆ لەناوخۆی سنوری یەک دەوڵەتی فیدراڵدا پاڵنەرو فەلسەفەی ئەمجۆرە سیستەمەی رێکخستنی دەوڵەت لەئارەزووی پێکهاتە کانی ئەو کۆمەڵگە سیاسیەی ناو ئەو دەوڵەتەوە سەرچاوە دەکرێت بۆ:-

1- عەدالەت لەدابەشکردنی دەسەلات (دەسەلاتەکان لەیەک ناوەندو گروپدا قۆرغ نەکرێن).

2- عەدالەت لەدابەشکردنی سامان و داهاتی ولات.

3- هاوسەنگی و بواردان بەبەشداری سیاسی بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەو ولاتە بی هەلاوێرکردنی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینی.

4- دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری نیشتمانی کۆتایی هێنانی بە کێشەو ململانی سیاسیە ناوخۆیەکان.

فیدڕالیەتی ئەمڕۆی عێراق کەلەدەستوری هەمیشەیی دا بڕیاردراوە لەنمونەی دووهەمە، بەتایبەتی عێراق لەرژێمێکی تاک حزبی و دکتاتۆری شۆڤێنیەوە کەهەموو جیاوازی پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانی پڕی بووە لەبەرژەوەندی دەسەلاتێکی ناوەندی یەک رەهەندە، ناشی چاوەڕوانی ئەوەبین کەعێراقێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەب و دەسەلاتێکی شمولی و موتڵەقی نەتەوەگەرەوە لەسەر هەمان سیستەمی ناوەندی بونیادبنرێتەوە پاش ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر بارو دۆخەکەدا هاتووە، ئەزمونی گەلانی دونیا ئەوەمان نیشان دەدان کەمەرجی گۆڕانی سیستەمێکی شمولی تاک حزبی و

دیکتاتۆر ئەوەیە کەبونیادەکانی دەسەڵات و سیستەمی ڕێکخستنەوەی ئەو دەسەڵاتە بگۆڕێت وەک مەرجی سەرەکی دووبارەنەبوونەوەی دەسەڵاتی ڕەها لەفۆڕم و بەرگ و لەژێر ناوێکی تردا.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت مافی نەتەوەکانی تری وەک گەلی کورد لەعێراقدا بپارێزن و عەدالەت لەدابەشکردنی دەسەڵات دا هەبێت کەهەموو هاوڵاتیەک بەپێی مافی هاوڵاتی بوونی – حق مواگنە – فرسەتی بەشداری لەدەسەڵاتی وڵاتی خۆیدا هەبێت نەک هەربەسەرخەڵکی شارێک یان حزبێک یان نەتەوەو مەزهەبێک دابەش بکرێت و لەواندا قۆرخ بکرێت.

وەئەگەر بمانەوێت عەدالەت و وویژدان – انیاف – لەدابەشکردنی سامان و داهاتی وڵاتدا هەبێت و بەهاوسەنگی و بی هەڵاوێردن هاوڵاتی پشکی خۆی لەسامانی گشتی وڵات بەرکەوێت و لیی سود مەندو بەهرەمەندبێت، وەئەگەر بمانەوێت ئاسایش و ئۆقرەیی و سەقامگیری لەوڵاتدا بەرپابێت، بۆ هەموو ئەمانە دەبێت گوی لەو ئیرادە دەستوریە بگرین و پشتگیری و بکەین و بەرگری لێ بکەین کەفیدڕالیەتی بڕیارداوەو چەسپاندویەتی وەک مافێک بۆ گەلی کوردو ئەو هاوڵاتیانەی غێراق کەئارەزومەندن سود لەو مافە ببینن و مومارەسەی بکەن ئەو پاساوو پاڵنەرانەی بەفیدڕاڵ عێراق هەم لەروی شەرعی و یاسایی و واقیعیەوە قبوڵن و لەڕوی رای جەماوەری عێراقیشەوە بەلای کەم کوردو شیعەکانیش بەسیغەی جیاواز لەجیبەجێکردنی پێویستیە یاسایی و ئیدارییەکانی فیدڕالیەت کۆکن کەدەکاتە نزیکەی 70%ی خەڵکی عێراق و گەربەگەرمی رای گشتی بۆ بوروژێنن دەتوانن پرۆژەی بونیادنانی هەرێمەکان بەگوشاری رای گشتی شەقامەکانی خۆیان پیادەبکەن.

لێرەدا دەپرسین ئەگەر شتەکان ئەوەندە سادەو ساکار و مەقبوڵ و لەقەناعەتەوە نزیکن ئەم قەیرانە گەورەیەی ئەمڕۆی عێراق چییە؟ لەسەر بڕیاری دەرکردنی یاسای بونیادنانی هەرێمە فیدڕاڵەکان؟ کەلەمادەی (118) دەستوری هەمیشەیی داهاتووە دەڵی ئەنجومەن یاسایەک دەردەکات لەماوەی شەشە مانگ تێپەرنەکات لەیەکەم کۆبونەوەی دا تایبەت بەو ڕێو شوێنانەی پیادەکردنی پێکهێنانی هەرێمەکان بەزۆرینەی سادەی ئامادەبوانی ئەنجومەن، بۆزیاتر دڵنیابوون لەپیادەکردن و جی بەجێکردنی ئەم مادەیە لەمادەی (138) و (119) پێویستیان بەرەزامەندی و دەرچواندن (ائێدار) لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆکایەتیەوە نیە، واتە ئەو یاسایەی بۆ جی بەجێکردنیان دەردەچێ.

بەم پێیە دەگەینە ئەو راستیەی کەگرفت لەلێکدانەوەی دەستورو یاساو ئیدارەدا نیەو، بۆ سۆراخ کردن و تێگەیشتنی دەبی بگەڕێینەوە لای ڕەهەندە سیاسیەکەو لەهەناوی پرۆسە سیاسیەکەی پێکهاتەی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا کێشە شرۆڤە بکەین.

سەیر لێرەدایە ئەگەرچە سەنتەری گرفت و کێشەو ئاڵۆزیەکان خودی پرۆسە سیاسیەکە لەهەمانکاتیشدا دەتوانین بڵێین غیابی سیاسەت وەک میکانیزمی بونیادنانی دەسەڵات و ڕێکخستن و دامەزراندنی ئۆرگانەکانی دەسەڵات و بەیاسایی کردنی ژیان و دامەزراندنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و تاک کۆمەڵگە لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون و پاراستنی ماف و ئازادیەکانی جارێکی تر بووەتە جەمسەری گرفتەکان، چونکە ئەو پێکهاتە سیاسیەی گوتاری سیاسی موعارەزە بەرهەمی هێناوەو پاش روخانی رژێم کاری پێکراو بوویە بەشێک لەپاش خانی زهنی سیاسەتمەدارانی نوی و رەفتاری سیاسی ئەوان و رەوشتی گشتی سیاسەتی لەم ووڵاتە ئاراستە کردوە هاوکێشەی کورد، شیعە، سوننەیە کەخەڵی عێراقی لەپێشت سنورەکانی مەزهەب و نەتەوەو تایەفەدا پۆلبەندی و ریزبەندی کردوە و جێگەیەک بۆ بەرنامەی سیاسی و سیاسەتی گشتی و بەرژەوەندی گشتی نەماوە و هەرچی بەپێکهێنانی سیاسی و رێکەوتنی پێش وەختی ئەم لایەنانە نەبێت یان هەر سەرناگرێت یان بەناکامڵی لەدایک دەبێت و خۆی ناگرێت، هەرکامێک لەم سی پێکهاتە لەسەر هەرشتی رازی نەبوو دەتوانی کایەکە بشێوێنی و مێزەکە بەسەر ئەوانیتردا قلپ بکاتەوە، بەجیا لەوەی قورسایی ژمارەیی و کاریگەری سیاسی چەندەو چییە؟

ئەگەر هەموو لایەکی سوننی و شیعی کۆک بن لەسەر فیدراڵیەتی هەرێمی کوردستان بڵێن ئەوان نەتەوەیەکی جیان و زمان و نەژادو کێشەی خۆیان هەیە و، ئەم کێشەیە ریشەیەکی مێژوویی هەیەو هەموو حکومەتەکانی عێراق گیرۆدەبوو پێوەی و بەعس بەو شێوەی خۆی دەیویست پیادەی بکات حکومی زاتی پێڕەوا بینیون و بووەتە سابیقەیەکی یاسایی، بەڵان بەدڵنیایەوە هەموو لایەک کۆک نین لەسەر دەسەڵات و سەڵاحیاتی هەرێم و داوای گۆڕانی ئەو مادەو بڕگانەدەکەن کەلەفەسڵی یەکەمی بەشی پێنجەمی دەستوردا هاتووە و لەدەرەوەی ئەو بڕگانەیە کەدەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵ دەسانیشان دەکات.

لەهەرحاڵێکدا گەلی کورد تاماوەیەکە بەچاو گومانی ئەوەناکرێت پاش بەدەستوری کرانی فیدراڵیەت هێزو لایەنی واهەبن بەئاشکراو دژایەتی بکەن و ئێستە ئەوەی هەیە قەیرانی فیدراڵیەتە لەنێوان سوننەی عەرەب و هێزو لایەنە شیعەکاندا کەلەئیئتیلافی عێراقیدا خۆیان رێکخستووە.

لایەنی سوننی لەسەر زمانی نوێنەرو وتەبێژو سەرۆک و کوتلەکانیان وەبەئاشکرا دژی دامەزراندنی فیدرالیەتی ناوەراست و خوارووی عێراقن دکتۆر عدنان دلێمی و تارق هاشمی و موتڵەگ جبوری و... هتد و پاساویان ئەوەیە کەدەبێتە هۆی دابەشبوونی عێراق، پرسیار ئەوەیە تۆبڵێی کەسانێکی وەک تارق هاشمی و ئەو کەسایەتیە هۆشیارو خوێنەوارانە بەڕاستیان بێت و قەناعەتیان وابێت بەبڕیارێکی سید عبدالعزیز حکیم یان دکتۆر جعفری یان هەر سەرکردەیەکی تری سیاسی دەوڵەتێک دروست ببێت لەو عێراقەدا کەلەهابیل و قابیلەو جێگەی ململانێ و شەڕو رکەبەرایەتی ناوخۆیی و دەرەکی و زلهێزەکان بووە!!! دەوڵەت هەروا بەئاسانی و بەقەراری سیاسی مەزهەبێک دروست نابێ ئایا پاش هەڵبژاردنەکانی 2005/12/15 ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بیرو رایە زاڵ نەبوو کەشیعەی عێراق مادەم زۆرینەی بەغدان لەحاڵەتی ئاسایی و نائاساییدا بەشێکی گرنگن لەپایتەختی عێراق و دەتوانن لەبەرژەوەندی خۆیان کۆنترۆڵی بکەن، لەروی تەماحی سیاسیەوە ئەگەر ئەوان بەغداو لەوێشەوە دەسەڵاتی عێراقیان هەبێت هەرێمەکانی جنوبیان بۆ چییە؟

ئەگەر ئاقاری تێگەیشتن بەو بوارەدا دەڕوات کەدوویان سی فیدراڵیەتەکەی ناوەراست و خوارو دەخەنە سەر ئێران بەحوکمی ویلایەتی فقیهو ئارەزوی شیعەکان بۆ فراوانکردنی کۆمارە مەزهەبیەکەیان، دێننە دی دەوترێت ئەگەر هەمیشە نفوز بەشێکی کاریگەر بووبێت لەدەسەڵات ئەوا ئێران نفوزی روحی و سیاسی خۆی ئێستاش و پاش فیدراڵیەتیش هەیەو پێویستی بەو هەڵایە نیە وڵاتانی عەربی و ئەمەریکا و ئەوروپا بۆی دروست بکەن گوایە نیەتی خۆفراوانکردنی هەیە، سەرباری هەموو ئەمانەش دەوڵەت بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی پێویستە کەدان بەکیانێکی نوی دابنی، ناشی وەک دەوڵەت کارتۆنیەکەی کوەیت بی کەعێراق خۆی دروستی کردو خۆشی روخاندنی.

پێو اویە هات و هاواری دژایەتی کردنی فێدراڵەت لەلایەن عەرەبی سوننەوە لەپشت گوتاری دابەشکردنی عێراق جگە لەپەردەیەک بۆ راکێشانی سەرنجی شەقامی عێراق و رای گشتی عەرەبی شتێکی ترنیە و، زۆر بەرونی دەزانن کەخواستی شیعە بەرێژەیەکی زۆر لەو خاڵانەدا کۆدەبێتەوە کەلەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکردن وەک پاڵنەرو مەبەستی فیدراڵیەت، بەڵام ئەوان هەرلە بنەڕەتدا پرەنسیپی فیدراڵیەت رەت دەکەنەوە ئەگینا خۆدەستور فیدراڵیەتی خوارو ناوەراستی نەداوە، یان دەستور بڕیاری فیدراڵیەتی مەزهەبی بۆ شیعە نەداوە، دەستور فیدراڵیەتی وەک حەقێک بۆ هەموو عێراقیەکان بڕیارداوە، و ئالیەتی خۆ رێکخستنی هەر پارێزگاو ئیدارەیەکی لەچوارچێوەی فیدراڵیەتدا دەست نیشان کردوە بی ئاماژە بەکودر یان شیعە یان عەرەب یان سوننە، واتە بی ئاماژە بەجوگرافیاو مەزهەب و نەتەوەو دین  (سەیری مادەکانی 119، 120، 121) ی دەستوری هەمیشەیی بکە) .

کەواتە هۆی دژایەتی کردنی فیدراڵیەت چییە لەلایەن عەرەبی سوننەوە، بەڕای من ئەگەر قبوڵی فیدرڵیەت بکەن و خۆبدەن بەدەستەوە بۆ پیادەکردنی:

1- هەرێمەکانی ئەوان هەرێمی خنکاو دەبن و ئەوەی بەتانەو تەشەرەلێدان بەهەرێمی کوردستانی دەڵێن بەسەر خۆشیاندا دێت، چونکە هەرێمی خوارو ناوەراست لەرێگەی شەتول عەرەبەوە بەکەنداوی عەرەبیەوە دەبەسترێت کەلەبەری کەلەبەری ئاوی بۆ سەر دەریا هەیە و، دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو بازرگانی و هەناردنەدەرەوەی نەوت و سامانی عێراق بکات.

2- سامان و داهاتی عێراق کەبەزۆری سامانی نەوت و ئاوە لەفیدراڵیەتی کوردستان و هەرێمی خوارو ناوەراستدا کۆبووەتەوە، جگەلە گەشت و گوزارو خورماو دانەوێڵە بەتایبەت برنج، لەبەرامبەردا فیدراڵیەتەکانی ئەوان ناوچەی هەژارو کەم دەرامەت و بیبان سیفەتن ئەگەرچی روبەریشیان گەورە بێت.

3- ئەگەر فیدراڵیەتی خوارو ناوەراست راگەیەنرا ئەوا خێزان و بنەماڵەو هۆزو دانیشتوانەی سوننەی لەناو سنوری ئەو هەرێمانەدا دادەژین یان دەبی ببنە شیعە یان دەبی بارکەن و ئەمەش کۆچ و رەوێکی گەورەی مرۆیی لێدەکەوێتەوە بەتایبەت لەپارێزگای بەسرەو دەوروبەریدی دا.

4- سوننەی عەرەب بەتایبەتی تەیارە ئیسلامیەکەی لەروی دەرونیەوە هەست بەشەرمەزاری شکستێکی گەورەی مێژوویی دەکات وولاتێک (500) ساڵ بەسەر میسو سعودیەو جەزائیرو ولاتانی ترە عەرەبی ئیسلامی دا بارەگاو ناوەندی دەسەلاتی خەلافەتی سوننی بووبێت ئێستە دان بەبوونی چەند ئەقلیمی شیعە نیشین دا بنێن و خۆی لەدووسی پارێزگادا قەتیس بمێنی.

5- دەورو بەری عەرەبی و ئیسلامی عێراق یارمەتی دەرە بۆ دژایەتی کردنی فیدراڵیەت و گێرانەوەی دەسەلاتێکی ناوەندی سوننی عەرەبی بالادەست بەجۆرەها پاڵنەری سیاسی، واتە سعودیە پاڵنەری خۆی هەیە، تورکیاش پاڵنەری خۆی هەیە، هەروەها میسرو ئەوانی تریش پاڵنەری سیاسی خۆیان هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆلای باڵی دووهەمی ئەم کێشەیە و بپرسین؟ ئەگەر شیعە لەعێراقدا حکومەتیان هەیەو لایەنەکانی تر لەسەر سفرەو خوانی ئەوانن و بەری دەستوریشەوە فیدراڵیەت زۆر بەدورو درێژی لەدەستوردا چەسپاوە وەک مافی هاوڵاتیانی پارێزگاکانی عێراق بۆچی ئەوەندە لەپرۆژەیانەو دەیانەوێت شتەکان هەڵکولێنن و تێیپەڕێنن.

ئەگەر مەترسیان لەمادەی (142) ی دەستورەکە باسی هەمواركردنی دەستوری تیادا هاتووە ئەوە جگە لەوەی هیچ لەمەسەلەی پرەنسیپی دەستوری فیدراڵیەت ناگۆڕێت، لەهەمان کاتدا توانای گۆڕینی برگەو مادەکانی پەیوەست بەفیدراڵیەت بەو رێگایانەی کەئەم دەستورە بۆ گۆڕانی مادەکانی برپاری داوە شەنسی سەرکەوتنی زۆر کەمە.

لەلایەکی ترەوە ئێستا کا بەسیستەمی پارێزگاکان و ئەنجومەن و پارێزگار هەیە زۆربەی هەرەزۆری ئەگەر نەڵێین بەدەست ئەو هێزو لایەنانەی نێو تەوژمی شیعە کانەوەو شتێک بەناوی قیەرانی ئیدارەو رێکخستنی دەسەلات لەو پارێزگایانەدا نیە. پێم وایە لەگەڵ هۆو پاڵنەرە راگەیەنراوەکاندا دوو مەبەستی سەرەکی لەپشت ئەم پێداگرتنەوە هەیە:-

1- لەماوەی ئەم دوو کابینەی حکومەتی عێراقدا کەئەوان سەرۆک حکومەت و زۆرینەی کابینەی وەزارەتەکان و پەرلەمان بوون، ئاراستەی روداوەکان و کەش و هەوای سیاسی کۆمەلایەتی ئەوەنیشان نادات کەبتوانن خواستە تایبەتە مەزهەبیەکانیان لەسەر ئاستی عێراق بەدەستوری و یاسایی و دامەزراوەیی بکەن، دەیانەوێت لەبری ئەوە سوود لەهەرێمەکانی خۆیان وەرگرن دەستوری تایبەت بەخۆیان و ئەنجومەنی یاسادانان و حکومەتی هەرێمایەتی کەدەتوانن بەئاسانی ویلایەتی

فەقیهی تیا بەرپابکەن و هەم ئیمامی زەمان و هەم جەماوەری شیعە و هەم مەرجەعیەتیش لەخۆیان ڕازی بکەن، وەئەگەر ئەم وەزعە لەمە زیاتر بکێشی ڕەنگە جەماوەر ئەم حەماس و گەرمیەی نەمێنی کەئێستا هەیەتی بەتایبەت پاش ئەزموون کرانی ئەو دوو کابینەیە کەدەستەوسان بوون بەرامبەر داخوازیەکانی جەماوەرو فەسادێکی دارایی زۆری لێکەوتەوە.

2- دەستەوسان بوونی هەردوو کابینەکەی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە بەرامبەر بەگرفتی ئەمنی و دابین کردنی ئاسایش و بەڵکو زیاتر توندبونەوەی باری ئیرهاب و کوشت و بڕکردنی خەڵک کەتارادەیەکی زۆر ئەمەریکاو وڵاتانی تری بەشداری لەهێزە فرەرەگەزەکان لەبەردەم کۆمەڵگەو شەقامی خۆیاندا ئیحراج کردوە، لەگەران بەدوای چارەسەردا بیرۆکەی حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی هاتەکایەوە و لێرە لەوی قسەی لێدەکرا، جگەلەمەش ئەمەریکاییەکان ئاماژە بەنەمانی سەبریان دەکەن و قسەلەسەر زەمەنی دیاریکراوو مۆڵەتی دیاریکراو دەکەن لەبەردەم حکومەتی مالیکی دا، هەموو ئەمانەو ئاماژەی تریش ئەو مەترسیەی لای تەیاری شیعی کەخۆی لە ئیئتیلافی موەحەدادەبینی کەئەم دەسەڵات و حکومەتەی ئێستایان لەچنگ دەربێنی و ناچاربن پاش نائومێد بوون لەچارەسەری وەزعەکە خۆیان بدەنە دەست ئەو پلان و ڕێو شوێنەی کەرەنگە ببێتە مایەی لادانیان لەدەسەڵات بۆیە باشترین بەدیل بوونی چەند هەرێمێکی فیدراڵە لەکاتی ڕودانی ئەو ئەگەرانەدا بگەڕێنەوە ناو ئەو چوارچێوە تایبەتەی دەسەڵاتی خۆیان کەدەتوانن بیپارێزن و ئاسایشی دابین بکەن.

پێم وایە بنیادنانی فێدراڵیەتی هەرێمەکان بەشێوەیەکی یاسایی و بەگوێرەی مادەکانی دەستوری هەمیشەیی نابێتە هۆی دابەش بوونی عێراق و بەئیرادەی شیعەو ئێرانیش عێراق دابەش نابێت و ناشیانەوێت دابەشی بکەن چونکە شتێک لە نفوزیان زیاد ناکات.

بەڵکو ئەوەی عێراق دابەش دەکات بەردەوام بوونی ئیرهاب و تێکچوونی باری ئەمنی بەردەوام بوونی شەڕو کوشتارە کەئەمەریکاو هاوپەیمانانی ئامادەنین تاکۆتا ماوە درێژە بەم سیناریۆی قوربانی دان و سەرفکردنی ملیارەها دۆلار بدەن و خۆیشیان تەسلیمی شکست و کشانەوەی بی ئەنجام ناکەن و ئەگەر بەسەر ئیرهابدا سەرنەکەون یەکیەتی خاکی عێراق دەمەنە قوربانی و خۆیان نادەنە دەست ئیرهاب، بۆ کۆنترۆل کردنی یان پەنا دەبەنە بەر پاشماوەکانی ڕژێم لەسوپاو موخابەرات و کادیرە ئیداریەکان و لەژێر ناوونیشانی تردا دەیانهێننەوە سەرگۆڕەپانەکە، یان ئەوە بەجۆرێک لەجۆرەکانی دابەش بوونی بەرێوەدەچێت.

کەواتە ئەرکی ڕاستەقینەی سوننە ئەوەیە کەلەمەسەلەی دابەشکردنی عێراقدا لەبری ئەوەی نیەت و مافەکانی ئەم لاو ئەولا تۆمەتبار بکات هەوڵ بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئیرهاب بدات و هاوکاری گێرانەوەی ئاسایش و ئارامی بێت لەناوچەکانی

" ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو